# هەڵبژاردن و پەرلەمانی ئێران" لە مێزەری مەلایەکەوە"
# بۆ مێزەری مەلایەکی تر.!!!



**ئارام_بانەیی**

لە کاتێك ئێران هەنگاو بەرە و هەڵبژادن دەنێت، دەیەوێت مەشروعیەتی ولایەتی فەقێ لە ڕوانگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانتاری بپارێزێت و دەسەڵاتی خۆی بسەپەێنێت، یان شکڵێکی نوێ و لە ژێر مێزەری هەندێك مەلا و کەسایەتی تر بەردەوام بکات و ڕێچکە و سیاسەتێکی ستراتیجی خۆیان لە ژێر ناوی هەڵبژاردن، تەکتی سیاسی تر پەرە پێبدەن، ئەمەش هەرچەند بە پێی دەستورو یاسای ئێران لە دوای چەند ساڵ دەکرێت، بەڵام ئەمڕۆ و هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران، جیاوازیەکی  سیاسی لە خۆ دەگرێت؛ و پیلان و پرۆژەی نوێیە بۆ ئەوەی خۆی لە گۆڕانکاریەکان دەرباز بکات یان بۆ ماوەیەکی تر تەمەنی دەسەڵاتی خۆی لە گۆڕەپاندا بمێنێت، لە کاتێك ناوچەکە لە ناو کاوس و قەیرانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدایە، هەمە هەمە کێشەکان لە ناوخۆدا، ئەمڕۆ یان بەیانی، بەرە و لە یەك ترازان دەچێت و پرۆسەی دیموکراتی و گۆڕانکاریەکان خۆیان دەسەپەێنن، پێم وایە لە وڵاتانی ئێران و تورکیا و سوریا و ئێراقی ئەمڕۆش، زیاتر لە پێوویست، هەڵبژاردنی پەرلەمانی پێوویست نییە؛ بێگومان هەڵبژاردن، پەرلەمانی، وەك بنەمایەکی دیموکراتی و دەسەڵاتی گەل ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە پێی زەمەن و کاتی پێوویست هەندێك گروپ و کەسانی تر، خۆیان لە ژێر هەندێك ناو، بە ناو دەکەن دەمامکێکی نوێ لە خۆ دەکەن؛ تاکو لە گەڵ سیاسەتی ئەو زەمەنە، بگونجێت بتوانێت هەندێك هەنگاوی دیماگۆجی سیاسی پیادە بکەن و، خۆیان لە گەندەڵی و کێشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی پەردەپۆش بکەن خۆیان بێدەنگ بکەن، لە کاتێك پرۆسەی سەر لە نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك پرۆسەی

سەد ساڵ و گۆڕانکاری و ڕیفۆرم بە ناو دەکرێت، دەوڵەت و کۆمەڵگا و هەر تاکێکی پێوویستە، سەر لە نوێ چاو بە یاسا و ڕێساکانی خۆیدا، بخشێنێتەوە، بە پێی پێوویست و سەردەمی ئەمڕۆ ڕیفۆرم بنگەی تیادا بکات، تا بتوانێت لە کێشە و قەیرانەکانی ڕۆژی ئەمڕۆ کە بەرماوەی سیاسەتێکی سەد، ساڵەی بێ بەرهەمە بگوڕێت و هەر ڕێگە و بیرۆکەیەك، لە هەناوی خۆی و هەم لە بواری پراتیکی بجەڕبێنێت دەرئەنجامێکی لێ بەدەست بخات، تا بتوانێت بگاتە، سەنتێرێکی نوێ بۆ گەشتن بە چارەسەری و کۆتایی هێنانن، بە کێشە و ناکۆکیەکان لە هەموو بوارەکاندا؛ کاتێك دەوڵەتی ئێران دەیەوێت لە ڕێگەی هەڵبژاردن دەسەڵاتی خۆی بە شێوازێکی تر تۆکەمە بکات، دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست زۆر پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراتی و دەسەڵاتی گەلن و، ئەو هەڵبژاردنەی کە لە ژێر ناوی پەلەرمان دەمامك کراوە، وەك بە هێزکردنی نەتەوەپەرستیەتی فارس و عەرەب و توورکە، کە لە ژێر دەمامك ئاینی ئیسلام، تەواوی ناوچەکەیان، لە ناو زەلکاو نەزانی و تاریکای تا ڕۆژی ئەمڕۆ هێنا؛ کە هیچ کەس خاوەنی بچووکترین ماڧ سەرەتایش نییە، لە کاتێك ئیسلام بۆ گەلانی سەردەت و لە ناویشیدا؛ چینی سەردەست، توانی بەرژەوەندیەکانی خۆیانی تێدا بپارێزن و گوڕ بەرژەوەندی خۆیان پێناسەی بکەن و یاسا و ڕێساکانیش بە پێوانەکانی خۆیان لە دەستوردا ڕەنگ ڕێژبکەن و، بە شێوەیەکی پیرۆز و ئەبەدیش پڕوپاگەندە و کاری سڕکردنی مێشکی کۆمەڵگا بکەن و ئیفلیجی بکەن، وە لە ڕێگەی بە هێز کردنی ئیسلامیەت بپارێزن و دەسەڵاتی کەمینە و چینێك، بکەنە قەدەرێك بە سەر هەموو گەلان  کۆمەڵگاو تاکەکانیش، نموونەی ئەمەش بووە هۆی لە ناوبردنی گەلانی دیرۆکی ئەم ناوچەیە وەك((ئاشووری و ئەرمەنی  لە ژێر ناوی خاچ پەرستدا))و بێکاریگەر کردنی گەلی کورد و هێشتنەوەیان لە دەرەوەی سیستمی سیاسی و کلتووری کۆمەڵایەتی و نەتەوەی و هەمان کاتیش بە هەموو شێوازێك بۆ لە ناوبردنیان هەموو ڕێگە تووندی تیژیەك گیراوەتە بەر تا ڤێز لە هەبوونی خۆشیان بکەنەوە، هەرچەندە دیرۆك و شارستانیەتشیان هەمووی تاڵان کراوە و کردویانەتە موڵکی خۆیان؛ گەلی کوردیش لە سەدەی بیستەم، وەك دۆستی یەهودی و بەکرێگیراوی دەرەوە و هەزار ناوناتۆرەی تر سوکایەتی پێکراوە، بەڵام لە ئیران بێجگە لەمەش لە ژێر ناوی مەزهەبیدا وەك  سونە مەزهەبیش؛ مەحکوم و تیرۆر کراوە و سوکایەتی پێکراوە.!!

پەرلەمان و هەڵبژاردنەکانی ئێران، هەمان دەمامکراوی ڕۆژگار ئەمڕۆ بۆ پاراستی دەسەڵاتی دەست پۆیزم تۆتالیتاری ئاخوندەکان؛ لە ژێر ناوی ڕیفۆرم و چارەسەری و پاراستنی گەلی ئێران، پەرەی پێدەدەن تاکو لە هەڵکردنی بایی سیستەمی دیموکراتی، خۆیان بپارێزن، ئەمڕۆ ناوچەکە لە ناو قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆحی و مەعنەویدا ژیان دەکات، لە دەرەوەش پرۆسەیەکی نوێ بە سەرکێشی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ناوچەکەدا دەستی پێکردووە و، ناچاری گۆڕانکاری خۆی فەرزدەکات، لە هەمان کاتیش ئێران بە بوونی قەیرانەکانی ناوخۆیدا، لە بەرامبەر بە دوو ڕیانێك خۆی دەبینێت، یان ناچارە بە شێوەیەکی بنگەی

دەست بکات بە گۆڕانکاری ڕیفۆرم، یان چارەنووسی سەدام حسێنە، بەڵام ولایەتی فەقێ بۆ مانەوەی خۆی و پەرەدان بە دەسەڵاتی دەستپۆتی و تۆتالیتاری، لە بواری سیاسەتدا، سیاسەتێکی دیماگۆژیەت پەیڕەو دەکات تاکو پەرە بە دەسەڵاتی نەخۆشی خۆی بدات، بۆ ئەمەش لە ناوەوە، بۆ سەرکوت کردنی خەڵکانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد، بە تایبەتی شێوازی نوێی لە سەرکوت کردن و کوشت و کوشتاردا بە شێوازی پلان کراو پەیڕەو دەکات، لە گەڵ ئەمەش دەستی ئاژاوەگێڕی و ناوچەکەدا هەیە، دەیەوێت کاریگەریەتی خۆی لە سەر ناوچەکە بکات و ببێتە ئاستەنگ لە بەردەم پرۆسەی دیموکراتی، لە سیاسەتی دەرەوەش زۆر کێشە هەن کە ئێران بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت، بە بەهانەی چەکی ئەتۆم ڕاستیەکانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و نەتەوەکانی تر پەردەپۆش بکات؛ هەرچەند لەم خاڵەشدا ئەنجامی بە دەست نەهێنا، بەڵام وەك هەڕەشەیەك بۆ دەرەوە بە کاری دەهێنێت، کە دەسەڵاتی خۆی پێ بپارێزێت، هەرچەندە ئەمە بۆ ماوەیەکی تر تەمەنی درێژتر بکات، بەڵام تەقینەوەی گەلانی ئێران لە چەکی ئەتۆم زۆر بە کاری گەرتر بووە، ئاستی شکانی ڕۆحی و قەیرانی موڕاڵی لە ناو کۆمەڵگای ئێران بە گشتی خۆی لە گۆڕانکاریەکی بنگەیدا نیشان دەدات.

شیکردنەوەی ناوەڕۆکی سیستەمی پەرلەمانی بۆ گەلان، سەرەتایی پێشنگە بۆ هەنگاو نانن بەرەو دیموکراتی و هاو وڵاتی بوونی ئازاد، کە خاوەن مافی ئازادی و ڕادەربڕین بێت، و بتوانێت بیروبۆچوونەکانی خۆی بگەینێتە ناوەندی پەرلەمان و پەرلەمانیش میکانیزمەیەك بێت و بۆ گونجاندن و پراکتیزەکردنی، بۆ بواری پراتیکی؛ ((بێگومان پەرلەمانی ئێران پێچەوانەی ڕاستینەی بنەماکانی پەرلەمانە))؛ ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێران پێویستە، بکرێت گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی یاسا و ڕێساکان؛ جیاکر دنەوەی (دین_دەوڵەتە) و، ناساندن و قبووڵکردنی هەموو ئەنتیك و ستکولتووری ناو ئێران، بە ناسنامەی خۆی و قبووڵکردنیان، چارەسەری مافی سیاسەت کردنی هەرتاکێکی کۆمەڵگایە بێجیاوازی هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو و، یان هەر میلەت و ئەتنیکێك؛ مافی ڕادەربڕینی ئازادی هەبێت، وەك نەتەوە و ئایدۆلۆژی و هەر بنمایەکی فکری کە خۆی هەڵیبژارد بێت و لە سەریشدا مافی دانەوەی ئایین بۆ هەر تاکێك، کۆتایی هێنان بە سیاسەتکردنی ئایین بۆ بەرژەوەندی چین و دەستە و دەسەڵاتێك کۆمەڵێك؛ چارەسەری کێشە و قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری فەرهەنگی و پەروەردەیی و، ڕێگە بە دەزگا بوونی گەل بدرێت کە هەرکەس بە ڕەنگی خۆی  پێناسە لە کەسایەتی و بوونی خۆی بکات؛ ئەو کات هەڵبژاردن مانای خۆی دەبێت و دەتوانێت مەشروعیەتی خۆی هەبێت و، پەرلەمانیش  هیواکانی گەل دەستە بەربکات؛ ئەگەر وەك ئەمڕۆ بێت بێگومان لە قوڵکردنەوەی کیشەکان هیچ ئەنجامێکی نابێت؛ هەنگاونانیش بۆ دەنگدان زیاتر مەشروعیەتی ولایەتی فەقێ و پەرەدانە بە دنیای نەزانی جەهالەتی ئیسلامی کۆنەپەرست؛ لە گەڵ ئەمەش پێوویستە گەل و کۆمەڵگا بۆخۆ ببێتە خاوەن دەست پێشخەری کە بتوانێت، دەوڵەت ناچاری ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئابووری و پەروەردە بکات؛ چیتر بێدەنگ نەبین، پێوویستە بۆ

ئەمەش دەزگایی مەدەنی پێش بخرێت و ئاستی هۆشیاری گەل لە بواری سیاسی و زانستی و فەلسەفی ئایدۆلۆژی کاملّ بکرێت و لە چوارچێوەی ڕێکخستن بووندا ئۆرگانیزەی خۆی بکات و هەنگاو بۆ پراکتیزە کردنی دیموکراتیە و کۆمەلّگای مەدەنی و شەفافیەت بنرێت، کە بە پێی شەرت و زروف و واقعی ستوکلتووری سیاسی و کۆمەلاّیەتی ناوچەکە گونجا و بێت، بەلاّم لە سەر بنەمایەکی زانستی دیالەکتیکی هەلّوێستەی لە سەر بکرێت؛ بێگومان شێوازێکی سەرانسەری یان سیاسەتێکی ڕووت، ڕەنگ دانەوە و دەرئەنجامێکی نابێت، یان بیرکردنەوە لە ڕووخانی دەسەلاّتی ئێستا و هاتنی دەسەلاّتێکی تر بێگومان ئێستای عێراق زیاتر دەرباز نەکات، بەلّکو کێشەکانیش، زیاتر قولّدەبێتەوە، ئاستی مەزهەبی و دین و نەتەوەپەرستی سەرەتایی، لە پێشتر خۆی لە بەردەم گەلانی بندەست بە ناسنامە دەکرێت و ئەمەش، لە لایەن پارتە کلاسیك و ئایدۆلۆژیا دۆگماکان بە پالّپشتی هێزی دەرەکری زیاتر زەق دەکرێتەوە، کە ئەمەش بەرژەوەندی چین و دەستەیەك زیاتر تێپەڕناك، ئەستی هۆشیارو سیاسی پشت بەستوو بە هێزی دیالەکیتی و گفتووگۆ ئەتوانێت پێشەگەن بێت کە گەل خاوەنی بێت و بتوانێت خاواندارییەتی لە گەل بکات پشت بەستووە بە هێزی سیاسی و سەربازیش کە بە پێی پێوویست ڕۆلّی خۆی لە چوارچێوەی پاراستنی گەل و دەسکەوتەکانی بپارێزت و هەم بۆ چارەسەریش ڕۆلّی کلیل بگێرێت، لە کاتی ئێستاش قولّکردنەوەی شەڕی کلاسیك؛ زیاتر مانەوەی دەسەلاّتی دەستپۆت بە هێزدەکات، بێگومان تا ئێستاش ئەم شەڕانەی کە لە لایەن دەسەلاّتی تۆتالیتاری دەولّەتانی ناوچەکە دەمەمەك کراون و پیرۆزیان کردون، بۆ مانەوەی دەولّەت کە خزمەت بە چین و توێژێکی تایبەت دەکات، کە خوێنی گەل دەمژن؛ قولّ بوونەوەی شەڕێکی وا پێم وایە هەرکەس لە گەلّ خۆی بمالّێت، بێئەوەی ڕۆلّی کلیل یان چارەسەریش بگێرێت، بێگومان پێوویستە هێزی دیموکراتیزەکردن و چارەسەری بە هێز بکرێت و هەنگاو ی بۆ هەلّ بهێنین لە سەر بنەمای سیستەمی دیموکراتی؛ چالاکی و ڕێپێوان، مانگرتن، پرۆتەستۆ و زەق کردنەوەی کێشەکان بە ڕێگای میدیا و ڕاگەیاندنەکان، ئەنجام بە دەست بخەن، هەر لەم ڕێگانەش تەواوی گەل بە شێوەیەکی ڕێکخستنی، خۆیان بگەیەننە یەك و ئەلتەرنایفی چارەسەری بخولّقێنن؛ هەم دەولّەتیش ناچاری هەنگاو نانی تەجریدی و گۆڕانکاری بکەن.! تەنها وەلاّمێك بۆ هەلّمالّینی دەمامك کراوی پەرلەمانی ئێران و ئاخوندەکان، شێوازی پرۆتەستۆ کردنی هەلّبژاردنە، لە بەرامبەر بەمەش پێشکەوتنی ئاستی زانست و هۆشیاری و هەلّسوکەوت کردن لە گەلّ کێشەکان، بە شێوازی دیموکراتی و دیالۆگ.

ئەگەر پەرلەمان؛ بووە مولّکی گەل، هەر کەس کۆمەلّێك بتوانێت ڕەنگی خۆی تیدا ببینێت و بە پەرەرۆشەوە، بەرەو ڕووی هەلّبژاردن هەنگاو بنێت و وەك بوونی خۆی بی پارێزت لە هەر کێشە و ڕووبە ڕوو بوونەوەیەکی ترسناك، ببێتە هۆی لە دەست دان و فەتیس کردنی پەرلەمان؛ بێگومان هەردەسەلاّتێك و هەرگرووپێك بێتە سەر حوکم، لە سەرهەمان بنگەی یاسا و رێساکانی، ئەو دەولّەتی کۆنەپەرستی ئێستای ئێرانە، بێگومان ئەگەر هەندێك هەنگاوی ڕووکەشی یان تاکتیکی بنرێت، ئەمە نایەتە هۆی گۆڕانکاری؛ لە کاتێك خاتەمی هاتە سەردەسەلاّت وەك

باڵی ڕیفۆرمیستی ئێران، زیاتر کێشەی کوردی بێدەنگ، کرا، سیستمەی موعتادکردنی کۆمەڵگا و کوشتنی خەڵکی بێتاوان بە بەهانەی جیاواز هیچی لە گەڵ خامنەی خومەینی نەبوو، بێگومان ئەمانیش هەر خاوەن یەك بیرۆکەن، لە کاتێك لە سەرەتا هەندێك هەنگاونرا، بەڵام دوای تا ڕۆژی ئەمڕۆ سیاسەتی ئینکارو کوشتن و برسەیەتی و هەژاری بەردەوام دەکات.!

ئەگەر پەرلەمانی ئێران بەراورد بکەین لە گەڵ وڵاتانی ئەورپا؛ هەست دەکەین کە کاتێك پارتییەکی سۆسیالیزم، سۆسیال دیموکرات، پارتی مەسیحی یان هەر ناوێکی تری هەبێت بێتە سەردەسەڵات، هەمووی بە پێی بنەماکانی دەستووری ئەو وڵاتە، پەرە بە کاری سیاسی و دەسەڵاتی خۆیان دەدەن، یان ئەگەر خاڵێکی یاسای لە ناو یاسای ئەم وڵاتە جێگیر بکەن، بێگومان گەل فکری خۆی لە سەردەڵێت و نموونەش کە لەم کاتە، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بە پێی ڕیفراندۆم، یاساو ڕێساکانی نوێ قوبووڵ دەکەن، سەیر نییە، ئەگەر ئەم بەراوردەبکەین، لە سەردەمی ئەتینای پێش زاین پەرلەمان نوێنەری گەلی کردووە، ئەگەر بە شێوەیەکی کەمیش بێت، بەڵام ئەمڕۆ ئەوەی لە ئێران هەیە بەراورد ناکرێت لە گەڵ هی ئەتینای کۆنیش، لە کاتێك لە ناو ئێران، هێز و لایەنێك، پارتییەکی لیگاڵ لە ناو ئێران نەبێت، ماناو بوونی هەڵبژاردن هیچ بنەمایەکی مەشروعیەتی نابێت، ئەمە تەنها مەرجعیەتێك دەخولقێنێت، پشت بەستوو بە هەوەس و ئارەزووکانی کۆمەڵێك یان بڵێن گۆڕین دەسەڵاتی بنەماڵەیەك بۆ بنەماڵەیەکی ترە، ئەم مەرجعیەتە پێوویستە ئاخوندەکانی ئێران وەك ناسنامەی سیاسی و پێشکەوتووی و دیموکراتی، سەری کۆمەڵگای پێ سەروبن بکەن، ئەوەی لێرە سەیرە کە ئەندامێك خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەڵبژاردووە بەڵام بە نهێنی، ئەی باشە ئێمەی کورد، کە بۆمان نییە باسی سیاسەت بکەین یان گەلە چینی ژێر چ دڵی پێی خۆش بێت یان چاوەڕوانی، باشی لێبکات، سەری خۆی پێوە بێ شێنێت بچیت بۆ سەر پۆستی دەنگدان، تاکو مێزەرێیك نوێ بۆ خۆی دیاری بکات، کێشەیەکی تر، لێرەدا ئەوەیە کە دەسەڵاتی ناوخۆی ئێران وەك ئاسایش و سەربازی، لە دەستی دەسەڵاتی پەرلەمانی نییە، بێگومان شوراشی شۆڕشی ئیسلامی خۆی بەڕێوبەری سیاسەت دەوڵەتی ئێرانە، ئەمەش نیشانەی گاڵتە جاڕییە بە پەرلەمان و سەرۆك کۆماری.

سیستەمی پەرلەمانی؛ گرێدراوی سیستەمی فرە حزبی و کۆمەڵگای مەدەنی و دەم و دەزگا سەربەخۆکانی گەلە، لە کاتێك ئەگەر لە ناو گەل سیستەمی فرە پارتی و دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی؛ بوونیان نەبێت بێگومان مەشروعیەتی دەستووری پەرلەمانی هیچ بنەمای و گرانی ڕاستینەیەکی خۆی نییە، ئەمەش وەك هەڵبژاردنەکانی سەردەمی حزبی بەعس بوو، بەڵام ئەمان هەندێك بنەماڵە و خەتی جیاواز لە ناو دەسەڵاتی ئێراندا هەن، بەڵام بیرۆکە و پێوانەی بیرکردنەوەکانیان هەمان ئەقڵیەتی سەدەکانی پێش ناوینە کە بە تیشکی ڕۆشنگەری و ڕووناکی قەڵسن و وەك شەمشەمە کوێرەکانی تاریکی وان.!!!